www.kurdistannet.org
9-9-02 23:25:11

بۆ بەڕێزان مام جەلال تاڵەبانی و کاك مەسعود بەرزانی

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ٠٨/٠٩/٢٠٠٢ لەڕێی کەناڵە ئاسمانییە کوردیەکان و هەموو هۆکانی ڕاگەیاندنی جیهانی وەك ANN–MBC وکەناڵی الجزیرە و چەندین کەناڵی ترەوە هەواڵی ڕێکەوتنی هەردوو حیزبی گەورەی کوردی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانمان بیست بەراستی شاگەشکە بووین، ئەوەی ڕووی دا تەنها ئەوە نەبوو دوو سەرکردە دەستیان نایە ناو دەستی یەکتر، بەڵکە هەموو ئەندام و چین و توێژی میللەتی کورد دەستیان نایە ناو دەستی یەکتری هەموو لە جێی خۆیەوە بوو بە هەڵگری مژدەی ئاشتی و تەبایی برایەتی سەرتاسەری و هەتاهەتایی، زۆر بەگەرمی دەستەکانتان دەگوشین، پیرۆزبایی لە ئێوە و لە خۆمان دەکەین پیرۆزبایی لە هەموو کوردێکی نیشتمان پەروەر دڵسۆز چ لەدەرەوەو چ لەناوەوەی وڵات، هیوادارین ئەمە ببێتە مایەی چەسپاندنی ئاشتی و تەبایی هەتا هەتایی و ببێتەمایەی نەخشاندنی خەندە و پێکەنینی سەر گشت دەم و لێوەکان و ئیمەش وەکو هەموو گەل و میللەتانی سەر ڕووی ئەم زەمینە شانازی بە بوون و ناسنامەو یەکگرتووی ماڵی کوردییەوە بکەین، تا ببینە هێزێکی پتەو و لەریشەنەهاتوو لەرووی هەموو پلان و نەخشەیەکی دوژمنکارانەدا لە پێناو هەرەس هێنان بە ئەزموونە دیموکراتیەکەمان، هەروەها هەوڵێك بێت بۆ پاراستنی پەرلەمان و حکومەتەکەمان، هەروەك هیوادارین ئەم ڕێکەوتنە پیرۆزە پەرلەمانێکی یەکگرتوو و حکومەتێکی کوردی یەکگرتووی یەك دەنگی لێ بکەوێتەوە و ئیدی هەموو ئامانج و هیوای گەورەو پچووکی تاکی کوردی بێتەدی.

<u>شەعبان میزوری</u> / بەریوەبەری (کوچکا کوردستان)بۆ وتووێژ لە ناو (پاڵتۆڵك)لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت.

<u>ڕەنج</u> / بەڕێوەبەری ژووری (ئێرە دەنگی کوردستانە)بۆ وتوێژ لە ناو (پاڵتۆڵك)لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت.

www.kurdistannet.org